# حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

***هۆکارەکانی سازبوون، درێژە پێدانی قەیرانی ئێستا و سیناریۆکانی چارەسەری***



**سەلاح ئەدیین مەجیدپوور**
**هولەند، ئۆکتۆبری 2006 زایینی**
**Majidpour48@zonnet.nl**

## 0 پێشەکی

ماوەیەکە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە باری ڕێکخستنییەوە کەوتۆتە قەیرانەوە. قەیرانێک کە هەموو کۆمەڵگا و دەستەڵات و ڕێکخستنێک دەتوانێ تووشی بێت وە هەروەها چارەسەریی کات. تایبەتمەندی هەموو قەیرانێک بە مانای لە دایک بوونی چارەسەری وەک دوا هەنگاوی پرۆسەکەیە. کە وابوو دیاردەی قەیران نە تایبەت بە حیزبی دێموکڕاتە و هەروەها چارەسەریش شتێکی موومکینە. لە هەمان کاتدا چارەسەرییەکان وەک بەرهەمی قەیرانەکان ناکرێ بۆهەموو لایەنەکانی پێوەندیدار ئاکامێکی وەک یەکێیان لێ بکەوێتەوە و یان موسبەت بێت. بەڵام دەرئەنجامەکان هەرچۆنێک بێت دەبێتە هۆی لەبێن بردەنی ناکۆکیەکان و هۆکارەکانی کە ئەو قەیرانانەیان لێکەوتۆتەوە.

بۆ باشتر پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو قەیرانە ناوخۆیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران پێویستە مرۆڤ هەتا ئەو جێگای کە دەگوونجێت بە تێڕوانینێکی ئەقڵانی و دوورەپەرێزیی لە هەڵخراندەنی هەست و سۆزیی مرۆڤ یا کۆیەک لە مرۆڤەکان بکەوێتە باس و لێکدانەوە و دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی گوونجاو. ئەوەی کە جێگای داخە، لە زۆربەی ئەو باس و نووسراوانە دا کە لە مەڕ ئەو قەیرانە دا بڵاوکراونەوە، وەها هەڵویست وتیڕوانینێک زۆر کەم بەدەیی دەکرێت. بۆئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی حیزب بەپەرۆشەوە دەڕوانە ئەو گێرەو کێشانە، باشتروایە کە بە تێڕوانینێکی ئەقلانی کێشەکان هەڵسەنگێنین وە لە کەلەبەری نێوان ئەمرۆ و دوێنێ دا هەودای تاروپۆی چندراوی ئەو کێشانە دەست نیشان بکەن. تا هەموو لایەک یارمەتیدەربن لە چارەسەرکردەنیێان دا. هەروەها بۆ ئەوەی کە هەڵسەنگاندنەکە لە گرێژەنە نەچێت پێویستە کە چاوپۆشی لەوە بکەیین کە کێ لە کام بەرەدایە، تەمەنی چەندە، چەند ساڵە حیزبییە وە یان چەندە لە فلانە و فیسارە ڕێبەر نزیک یان دوور بووە.

ئەگر نەگەڕینەوە بۆ مێژوویەکی زۆر دوور و تەنیا خۆ بە 27 ساڵی ڕابردووە ماندوو بکەیین، دەبیینین کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە چەند قۆناخی جیاواز دا تووشی قەیرانی ناوخۆیی بووە. هەرجارێکیش ئەو تنگەژە و قەیرانانە چارەسەر کراوەن. هەروەک لە پێشدا باسکرا چارەسەریەکان ڕەنگە بە قازانجی هەموو لایەک تەواو نەبووبیت. ئەوەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە کۆمەڵێک پرۆسەی گۆرانکاری نێو حیزب بە مەبەستی جیاواز هاتوونە گۆڕ کە پاڵاوتنی لایەنێک یا خۆ کەسانێک کە دەگەڵ ڕەوت بینی و بینشی نوێێ حیزب یەکیان نەگرتۆتەوە، لێکەوتۆتەوە. ئاڕشتێکتی بەشی زۆری ئەو پرۆسانە شەهید دوکتور قاسملوو بووە و لە ژێر ڕێبەری ئەودا چوونە پێش و بەشی هەرە زۆر و بەرچاویی ڕێکخستنی حیزب بە قەناعەتەوە گوێڕایەڵی بوون.

بۆ ئەوەی باشتر قەێرانی حیزب دەست نیشان بکرێت و لایەنەجۆرواجۆرەکانی بە باشی بناسرێن، لە دەست پێکی ئەو وتارە دا باسێکی کورت لە سەر ڕێکخستن (کەلتوور، ستروکتوور و ستراتێژی)، نەوعی ڕێکخستن، تایبەتمەندی ڕێبەرانیێا ن و فۆرمەکانی بەرێوەبەری قەیرانەکان تاوتویی دەکرێت. و لە ژێر تیشکی ئەو ڕوونکردەنەوەیە دا هەوڵی شیکردنەوەی گۆرانکارییەکانی بیست و حەوت ساڵی ڕابردووی مێژویی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و هۆیەکانی پێکهاتنی دەدرێت. لەو پێوەندییە دا ڕۆڵی ڕێبەران وفوڕمەکانی کەڵک وەرگیراو بۆ بەڕێوەبەری حیزب و ئیدارە کردنی قەیرانەکان، پێوەندی نێوان قەیرانەکان وگۆرانکارییە جیهانیەکان دەکەونە بر باس و لێکۆڵینەوە. بەو مەبەستە کە پێوەندی نێوان قەیرانەکانی رابردوو و هەنووکەی حیزب بدۆزینەوە. و لە ئاکامدا سیناریۆکانی مومکیین بۆ چارەسەری ئەو گرفتەی ئێستا دەست نیشان بکەیین.

## 1. ڕێكخستن و چوارچێوەكان

بە شێوەیەكی گشتی هەر ڕێكخستنێك فۆرمێكە لە هاوكاری نێوان گروپێكی ئینسانی بۆ ئامانجێكی هاوبەش وە خاوەنی ئەو سێ كۆڵەكەیە:

- **ستراتیژی** بریتیە لە دیاری كردنی ئامانجەكان، ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجانە، شێوەی وەدیهێنانیان و كەرەسە پێویستەكان بۆ بە عەمەلی كردنی سەرجەمی ئامانجەكان.
- **كەلتوور** بریتیە لە كۆی ئەو بایخ ، نۆرم، ئامانج و چاوەڕوانییانەی ئەندامانی ڕێكخستنێكە كە هەڵس و كەوت و هەستان و دانیشتنی هاوبەشی لێ دەكەوێتەوە.
- **ستروكتوور**، شێوەیەكە (بریتیە لە چوارچێوەیەك) كە لەودا، ئەرك، بەرپرسایەتی و قودرت دابەش دەكرێت بە سەر ئەندامانیدا. هەروەها زوابێتی تەنزیمی پێوەندی نێوان ئەندامان و ئۆرگانەكان لە بواری دانووستاندن، و لە گەڵ یەك هەڵكردن دیاری دەكات.

هەر سێ لایەنی ستراتیژی، كەلتوورو ستروكتووری (قەوارە) هەر ڕێكخستنێك هەمیشە لە ژێر كاریگەری گۆرانكاریەكانی دەرەوەی ڕێكخستن دان ، كە دەبنە هۆی گۆڕان لە ستراتیژی لە بواری جیاوازدا. گۆڕان لە ستراتیژی دا هەموو كات كاریگەری ڕاستەوخۆ هەیە لە سەر گۆرانكاری لە كەلتوور و ستروكتوور دا.

دیاردەی ڕێكخستن وەك بەشێك لە میكانیزمی كۆمەڵگاكان، هەمیشە لە ژێر تاسیری گۆرانكارییەكانی شوێنی ژیانی دایە. ڕێكخستنەكان بە گشتی بە سەرئەو دو دەستەی خوارەوە دا دابەش دەكرێن:

- **ڕێكخستنە كراوە و ڕوبەڕەدەوكان (extravert)**، ئەوڕێكخستنانە لە بەرامبەر دنیایی دەروووبەریان هەستیارن و دووربینانە دەروانە داهاتوو. ڕێكخستنی كراوە خاوەنی پێوەندی جۆراوجۆر وبە لێشاوە دەگەڵ دەوران پەشتدایە، بۆ پاراستن و دەستەبەر كردنی بەرژەوندییەكانی خاوەنی ئەو پەری توانای و سورعەتی عەمەلن لە دەرك كردنی ئەفكار و ڕووداوە نویەكانی جیهانی دەروووبەریان، و لە كاتی پێویست دا ئەو ئەفكارانە زۆر بەخێرایی وەرگرەن. ئە و ڕێكخراوانە توانای ڕقابەت و كێبەركێیان لە سەرەوەیە و دەتوانن زوو خۆیان لە گەڵ دەنیای پەر لە ئاڵوگۆڕیی خۆیان بگونجێنن.

ڕێبەرانی تایبەت بەو ڕێكخستنانە خاوەنی ئەو تایبەت مەندییانەن:

| | |
|---|---|
| - **وردبین، دوربین و ڤیزیۆنێرە؛** | - **پێداگرە لە سەر بە سەر ئەنجام گەیاندەنی گۆرانكاری؛** |
| - **پسپۆرە لە دارەشتنی ناوەرۆك دا؛** | - **دەزانێ چە باشە بۆڕێكخستنەكەی؛** |
| - **لە برلە سەرەوە بوونی تواناكانی زانستی،دەزانێ كەنگی و چە كەرەسەیەك بە كار بهێنێت؛** | - **پرۆسەكان لە سەرەوە را چاوەدێری دەكات و لە و شوێنەی كە بەپێویستی بزانێت دەخالت دەكات؛** |
| - **توانای ریسك كردنی لە سەرەوەیە؛** | - **تیك شكان ناناسێت؛** |
| - **هەموو سەرمایەگوزارییەكەی لە سەر رابردوویە؛** | - **پرۆفیسێۆنڵ.** |

- **ڕێكخستنە داخراوو ڕو لە ناوخۆ كان (Introvert)**، خاوەنی قابغێكی یەك جار ئەستووری بەرێوەبەری ڕێكخستنیین(mamagement filter ) ، پێوەندییان دەگەڵ جیهانی دەوران پەشت یەكجار لە خوارەوە، لە رابردوو و ئەمرۆ دا دەژیین، خەریكی پاراستنی توانا و دەستەڵاتەكانی ئێستایانن، هێزی ڕقابتییان زۆر لە خوارەوەیە، دابەشكراوەن بە سەر چەند ناوەندی قودرەتی جیاوازی ناوخۆییدا و هاوپەیمانەكانییان كەمن و تاروپۆی بوروكراسی هەموو ساختارەكەیانی داگرتووە. متمانەی ئەندامانی ڕێكخستنە بە یەگدی لە درێژماوە دا زۆردێتە خوارەوە. یەكە ئێدارییەكان لە بەشی ئابووری دا دەخرێنە خانەی ئەو شێوە ڕێكخستنانە و بە مۆنۆپۆلیست ناسراوەن، لە نیزام و سیستمی سیاسی و حكوومەتی دا یەكێتی سۆڤێیەت و بلۆكی شەرق نموونەی بەرچاوی ئەو چەشنە ڕێكخستنانە بوون. بەشی هەر زۆری ڕێكخستنە سیاسی، سینفی، ئابووری و حكوومەتی ڕۆژهەلاتی ناوەراست ، ئافریقا، ئەمریكای لاتین نموونەی

بەرچاوی ڕێکخستن و نیزامی داخراون. ئەوانە لە ناوخۆرا ئاڵ وگۆرەکان دەرەوە دەخوێنەوە. نیزامی ئابووری دەوڵەتی یەکێک لەو سیستمانەیە کە دەکەوێتە خانەی ئەو شێوە ڕێکخستنانە.

هیچ ڕیکخستنێک بە ستراتیژی، ستروکتوور و کەلتووره وە بێ ڕێبەری بەڕیوە ناچێت. و هەر چەشنە ڕێکخستنێک خاوەنی ڕێبەرو ڕێبەرایّتی تایبەت بە خۆیانن کە لیرەدا بە کورتی ئاماژە چەند تایبەتمەندێکی ڕێبەرانی تایبەت بە ڕێکخستنی داخراوو رو لە ناوخۆ کان( Introvert) دەکەێن:

- **خۆ بە رابردووه رانان؛**
- **مەیدانی بیر کردنەوە و بەرتەسک بیرکدنەوە؛**
- **بۆرۆکرات؛**
- **دژی گۆرانکاری ؛**
- **لە ئەو ڕۆدا مانەوە؛**
- **لاینگری کۆنترۆلی 100% بە سەر هەمووشتێک دا.**

هەر ڕێکخراو و لایەنێکی زیندوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە بی گومان تووشی قەیران و تنگەژە دەێت. کێشەکان لە ڕێکخستنە سیاسیەکاندا لە سەریەک بە دو شێوە خۆ نیشان دەدەن، یەکەم ئەو کێشانەی کە قووڵن و ناتوانن درێژ خایەن بن دووهەم ئەو گرژییانەی کە سەتحیین بەڵام درێژخایەنن. ئەو دوو شیوە گرفتانە ڕێکخستنەکان دابەش دەکات بە سەر ئەو سێ فۆرمە کە لە بەریوەبەری قەیرانی ڕێکخستنی کەڵکییان لێ وەرگیراوە:

- **پێکدادان:**

ئەو فۆرمە لە کێشەکان بەربڵاو و قووڵن و بە گشتی لە نێوان دوو لایەن دا لە ئارا دایە، کەچی دەرێژ خایەن نینن. ئینعتاف لە ئاخرین پلەی خۆی دایە، لایەنەکان لە هەموو کەرەسەیەک کەڵک وەردەگرەن بۆ سەرکەوتنی خۆیان ە لێکدابڕان سانسی مەزنی هەیە.

- **فۆرمی ئێتلافی لەرزۆک:**

ئەوفۆرمە زەمانێک خۆ دەگرێت کە دوو یان چەند ناوەندی قودرەتی گرینگ و لە باری تواناییەوە وەک یەک، لە یەک جێگا لە پەنا یەکتر مەجبوور بە کار بن. قوڵایی و بەرینی گرفتەکان لە ڕێکخستانانە دا مەحدوودە، بڵام لە هەمان کاتدا درێژ خایەنە. لەو شێوە دا لایەنە دەرکەیکان هاودەنگ نیین، هەر لاینیک تێدەکۆشێت دەگەڵ چەند کەسێکی ناو ڕێبەرایّتی دا پێوەندی بگرەن و بە هێزیان بکەن. هەر ئەوە دەبێتە هۆی درێژبوونەوەی کێشەکان. لەو دەمەدا ئۆتوریتە، لێزانیین و کاری ستڕاتێژیک کەم رەنگ دەبنەوە و دەکەونە ژێر کاریگەری بە هێزی گەمەی سیاسی ناوخۆوە.

- **فۆرمی ریکخستی جەمسەربندی کراو:**

گرفتەکان زۆر قووڵ نیین، لە یەک شوێن را سەر چاوە دەگرن، پەل ڕادەکێشن بۆشوێنی دیکە، درێژخایەنن و جەمسەری جیاواز بە نێوەرۆکی جیاوازەوە پێکدێنن.

## 2 گۆڕانکارییەکانی نێوان کۆنگرەکانی چوار تا حەوت

ڕووداوەکانی پێش وە دوای کۆنگرەی چوارنیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە بناخەی گرفتەکانی حیزب لە پێک دادانی دوو شێوە تێڕوانین لە سەر کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵات پێک هاتبوو. لایەنێک نوێنەرایەتی سیاسەت کردن بوو، لە سەر بنەمای دەستەبەرکردن و پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی و دوورکەوتنەوە لە ڕوانگە دۆگمە ئیدیۆلۆژیکەکان.

لایەنەکەی تریش ئەوانە بوون کە پیداگریان دەکرد لە سەردرێژدەانی سیاسەت لە سەر بنەمای بینشی توودەی و فۆرمی ئیدیۆلۆژی یەکیەتی سۆڤییەت. هیرمی دەستەڵات لە بەرێوەبەرایەتی حیزب دا دابەش کرابوو بە سەر چەند ڕەوتی دژبەیەک وخاوەن بەرژەوەندی جیاوازکە بریتی بوون لە:

- **هەڵگرانی بینشی حیزبی توودە (پەیرەوانی گۆنگرەی چوار)؛**

ئەو تاقمە لە زۆر لایەنەوە لە ژێر کاردانەوە ی بینشیی حیزبی توودەی ئێران دابوو، شێوازی هەڵس و کەوتی ئەوان دەگەڵ کێشەی کورد لە بۆچوونی حیزبی توودە ڕا سەرچاوەی دەگرت. حیزبی توودە پێی وابوو کە کۆماری ئیسلامی نیزامێکی دژی ئیمپریالیستیە هەر بۆیە پێویستە یارمەتی بدرێت لەو خەباتەی دا، هاوکات لە گەڵ ئەوەش حیزبی توودە بە بوونی حیزبی دێموکرات وەک ڕێکخستنێکی سەربەخۆ زۆر تووڕە بوو و هەموو کاریکی دەکرد کە حیزب بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی. حیزبی توودە لە و بڕوایە دابوو کە حیزبی دێمۆکرات وەک فیرقەی دێمۆکراتی ئازربایجان ببێتە لقێک لە حیزبی توودە. سیاسەتی توودە دەرحەق بە کێشەی کورد و حیزبی دێموکرات لە سەر ئەو بناخانەی کە باس کرا دامەزرابوو. هەڵگرانی بینشی توودە لە نێو حیزب دا بە بەرنامەی نوسراو لە لایەن حیزبی توودە ڕا لە حیزبی دێموکرات دابڕان و لە ئاکام دا ، چوونە نێو بەرەی حیزبی توودە، فیدایانی ئەکسەرییەت ولە نێو حیزبی توودە دا توانەوە.

- **لایەنی خێڵەکی کە تێگەێشتنی تایبەت بە خۆیان هەبوو لە ڕێکخستن و کوردایەتی ؛**

ئەو لایەنە تێکلاوێک بوو لە نوێنەرانی فیکری کۆمەڵگای خێڵەکی کە لە هەموو بەشیکی و ڕەدەیەکی حیزب دا دەبیندران و دەبیندرێن، وە هەر وەها لایەنێک کە نوێنەری فیکری و پێکهاتەی کۆمەڵی خێڵەکی بوون. تاریفی ئەو لایەنش لە کوردایەتی لە هەمان کات دا کە زۆر ڕادیکاڵیش بوو بڵام زۆر بر تەسک بوو. ناوچەگەرایی، حەل نەبوون لە ڕێکخستن دا، تەکییە کردن لە سەر ڕۆڵ،شوێن و قودرەتی شەخسی لە سەر بنەمای تایفەیی و عەشیرەیی مشتێک لە کۆمەڵێک گرفت بوون کە ڕێگای لە وە دەگرت کە کوردایەتی بەرینتر ببینن و ڕێکیی بخەن.

- **لایەنێک کە کێشەی نەتەوەیی لە ئەولەوێتی یەکەم دادەنا و لایەنگری ڕێکخستنی حیزب بوون لە سەر بناخەێکی مۆدێرن و دیموکراتیک؛**

ئەو لایەنە بە ڕێبەرایەتی دوکتور قاسملوو هەر دو گرفتی کە لە سەرەوەدابەسکران ناسیبوو، کوردایەتی ئەولەوێتی یەکەمی هەبوو بۆ ئەوان. لە باری ڕێکخستنی تواناکان، لە سەر ئەو باوەرە بوو کە سازماندانی هێزی بزوێنەری بزووتنەوە دەبێ لە ڕێکخستنێکی سەربەخۆ و بەرییەن دا بێت کە کەسایتیەکان بخاتە چوارچێوە ڕێکخستنەوە نەک بەرئاوژی ئەوە. هەروەها دەستی بۆچوونی سیاسەت لە سەر بناخەی ئیدیئۆلۆژی لە سەر بزوتنەوەی کوردی کەم کاتەوە. ئەو لایەنە لە گەڵ هەر دووک لایەن کە لە سەروە دا باسکران لە دژایەتی دا بوو.

ئاڵوگۆڕەکانی پاش کۆنگرەی چوار، دولایەنی بینشی توودەیی(پەیرەوانی گۆنگرەی چوار) و خێڵەکی بە یەکتری گەیاند، هەردوک لایەن کەوتنە هاوکاری دەگەڵ یەکتری بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکانی حیزب بە ڕێبەرایتی دوکتور قاسملوو. مەیدانی لێکدانی فیزیکی و ناوەندی دەستەڵاتی لایەنی توودەیی و خێڵەکی ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. ئەو ناوچەیە ناوەندێکی کلاسیکی لایەنی خێڵەکی بوو کە پەیرەوانی کۆنگرەی چوارکەڵکیان لێ وەرگرت. پەیرەوانی گۆنگرەی چوار و لایەنی خێڵەکی بە هاوکاری کۆماری ئیسلامی هێرشیکی سێ قۆڵیان کردە سەر حیزبی دێموکرات. ئاکامی ئەو

پرۆسەیە بووبە هۆی کزبوونی پەیرەوانی گۆنگرەی چوار تا ڕادەی لە ناوچوون، پەژیوان بوونەوە و لایەنی خێڵەکیش زۆرزوو لە باکووریی کوردستان تووشی لیک هەڵتەکان بوو و لە نێو کۆمەڵانی خەڵک تووڕ هەڵدەران. بۆ حیزبی دێموکڕات دەسکەوتەکان بریتی بوون لە چوونە سەری متمانە خەلکی کوردستان بە حیزب وبە هێزبوونی پرستیژی حیزبی دێموکڕات لە ساحەی سیاسی کوردستان و ئێراندا.

بەرهەمەی ئالوگۆرەکانی دوای کۆنگرەی چوار بریتی بوون لە: سەرکەوتنی بیریی نەتەوەی، یەکدەستێکی هەرچەند کاتی ڕێکخستنی، تاراندنی بیری خێڵەکی، پاکسازیکی ڕێکخستنی لە توودەییەکان ودەستێک بۆ خۆدابڕان لە بێنشی توودەیی. لە ئەنجامی ئەو گۆرانکارییانە دا کۆمەڵێک کادیری خاوەن پێشینە، وبگرە کارامەش لە ڕیزەکانی حیزب چوونە دەر. دیارە هەردوک لایەنی پێشینە و کارامەیی دو تایبەتمەندیین کە مرۆڤەکان بە ئیشتیای خۆیان دەکاری دێنین. هەربۆیە چوونە دەری مرۆڤیک یاخۆ کۆیەک لەو مرۆڤانە بەو تایبەتمەندییانەوە قەت ناتوانێت بە مانای هەڵە بوونی ڕەوتەکە بێت. بەڵکوو ئەوە هەڵبژاردنێکی سیاسیە کە مرۆڤ بە قەناعەتەوە ئەنجامی دەدات و دروستی و نادروستی ئەو هەڵبژاردەنە سیاسیە کە هەڵە بوون و یا خۆ درووست بوونی ڕەوت و ئالوگۆڕەکان دیاریی دەکەن، نەک پێشینە وکارامەی.

ئەو گۆرانکارییە نەشتەرگەرێکی پێویست، زەریف و ئاگاهانە بوو کە لە سەردەمێکی هەستیاری بزوتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو. دۆستانی حیزب لەو سەردەمەدا زۆر بە پەرۆشەوە دەیانڕوانییە کاریگەری ئەوگۆرانکارییانە لە سەر داهاتووی حیزبی دێموکڕات بە تایبەتی و بزووتنەوەی نەتەوەی لە ڕۆژ هەڵات بە گشتی. زۆرکەس پێی وابوو کە پەشت ڕاستکردنەوەی حیزب لە ژێرباری ئەو هێرشە کە کرابووە سەری، چەتوون وبگرە غەیری مومکینە. کەچی ڕیبەرایێتی دروست و بەتوانای حیزب لە لایەکەوە و هووشیاریی نەتەوەیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە لایەکیتر، دوفاکتەری گرێنگ بوون کە سەرکەوتنی حیزبی دێموکرات یان بە سەر تەنگ و چەڵەمەکانی ئەوپرۆسەیە دا مەسۆگەر کرد.

لە ماوەی بەینی کۆنگرەی چوارهەتا کۆنگرەی شەش، حیزبی دێموکڕات سەرقالی دوبارە خوێندنەوەی سوسیالیزم بە گشتی و پێوەندییە جیهانیەکان بە تایبەتی بوو. لەو ماوەیدا حیزب ئامادە دەکرا بۆ قەبووڵی ئەو خوێندنەوە نوێیە کە لە نامیلکەی *' کورتەباسێک لە سەر سۆسیالیزم '* دا تئۆریزە کرابوو، کە بەرهەمی کاری فیکری دوکتور قاسملوو بوو. هەرئەوە بوو بە هەوێنی فیکری بەرەی ئەودەم و داهاتووی حیزب. ئەو گۆڕانە لە ڕەوتبینی دا پێویستی بە کەلتوورێکی نوێ هەبوو کە لیبراڵتربێت و مۆرکی ئیدئۆلۆژیکی پێوە دیار نەبێت. هەر لەو کاتە دا ئەو وەرسووڕانە پێویسیتی بە ڕێبەرایێتیک بوو کە بتوانێت ئەو سیاسەتە بگەێنییتە نێو هەموو بەشەکانی حیزب.

بە دەرکەوتنی کورتەباس وەک باسێکی جیدیی لە نێو حیزب دا، زوو دەرکەوت کە بۆچوونی ئیدئۆلۆژیک و خوێندنەوەی ئیدئۆلۆژیک وەک ڕوانگەیەک بۆ هەڵس وکەوت دەگەڵ رەوتە جیهانییەکان لە نێو ڕێبەرایێتی حیزب دا هەرماوە، و ڕێبەرایێتی حیزب موشکیلی هەیە دەگەڵ تێگەیشتن و هەزمی ئەو بۆچوونە تازەیە.

بەشیک لە ڕێبەرانی ئەوکاتی حیزب نە لە زەرورەتی مەسەلەکە حالی بوون و نە باوەڕیشییان پێی بوو. مەیدانی دیدی ئەوان زۆر بەرتەسک بوو. ئەوان لە ئاستێکی مەیدانی(Operationel level) ڕا دەیانڕوانییە جیهانی دەوروبەر، و ڕەوتەکانی جیهانی بۆ وان هێندە دەستگر و مانادار نەبوون. گەیاندنی ڕێبەرایێتی بەو پلە لە فراوانی و بەرین بیر کردنەوە گرفتێکی نوێ بوو. بەرهەڵستکارانی بیری ' کورتە باسێک لە سەرسوسیالیزم' بە شیوەی هەڵسووڕ لە ڕەدەکانی خوارەوەی حیزب دا بەربەرەکانییان دەکرد. ڕیبەرایێتی بە گشتی وەک ئۆرگان دژکردەوەیەکی وەهایان لە خۆ نیشان نەدا. بەڵام بەشێکی زۆربە شیوەیەکی پاسیف، عاجز لە تێگەیشتنی ئەو ڕۆانگە نوێیە، زۆر عامیانە کورتە باسێان وەک 'شتێکی زیادی ' بۆحیزب چاو لێدەکرد.

قەبووڵکردنی ' کورتە باسێک لە سەرسوسیالیزم' لە کۆنگرەی شەش دا نەبوو بە هۆی گۆڕانکاری لە ناوەندی قودرەتی حیزبی دێموکڕات دا. ئەوەی کە برچاوە ئەوەیە کە لە ماوەی کۆنگرەی 5 هەتا 7 دوکتور قاسملوو وەک خاوەن، کارگردان و ئارشیتێکتی فیکری فۆرمولە کراو لە ' ' کورتە باسێک لە سەرسوسیالیزم ' دا، باوەڕی بە وە بووە کە لە ڕێگای شیکردنەوە و

ئیقناعەوە ڕێبەرایێتی یان موخالیفینی لە ڕێبەرایێتی هان بدات بۆ هاودەنگی و هاوفیکری. هەر بۆ ئەو مەبەستەش باسێک بە ناوی ' شیکردنەوەی کورتەباس' لە پلنۆمی حیزبدا هێنا گۆڕێ و لە دوایش وەک نامیلکەیەک بڵاوکراوە. بەشی ذست پێکی ئەو نامیلکەیە نیشانەی تەشخیشی دوکتور قاسملووە لە گرفتێکی کە ڕێبەرایێتی حیزب دەگەڵ کورتەباس هەیان بوو، هەر لەو کاتە دا ئەو گرفتە دوکتور قاسملووی هاندەدا کە بە زمانێکی زۆر پاراو و ساکار کاکڵ و ناوەڕۆکی ئەو فیکرە بۆ قەناعت پێکردنی دژبەرەکانی شی بکاتەوە. لە حیزب دا ئەو کات دوو بەرە هەبوون بە دوو گرفتەوە. کە لە زانستی تایبەت بە بەڕێوەبەری دا ئاوا دابەش دەکرێن: ئەوانە کە' *دەتوانن'* و ئەوانە کە' *دەخوازن'* . زۆرجار لە گۆڕانکاریکان دا بەشێک توانای بەشداری لە کارەکە دا هەیە، بەڵام ناخوازێ بەشدار بێت، کە دەبێ یارمەتی بدرێت بە مەبەستی هێنانە نیو ریزی لایێنگرانەوە. بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕەوانپزیشکی ڕێکخستن دا مێتودی جۆراوجۆر هەیە بۆ هێنانی ئەو گرووپە بۆ ناو ریزی پشتیوانان. بەشێکیش هەیە کە خوازیاری بەشداری و پشتیوانییە، بەڵام لە تواناییدا کەم دێنێت وە دەبێت کار لە سەر تواناکانیان بکرێت. . نامیلکەی 'شیکردنەوەی کورتە باس' یەکێک لەو هەوڵانە بووە بۆپێک هێنانی باڵانسی لە نێوان توانای و ویستن دا.

*' کورتەباسێک لە سەر سۆسیالیزم'* وەک ڤیزویۆنێکی تازە، حیزبی دێموکراتی دەگەڵ میسێۆنێکی نوێش ڕووبەڕوو دەکرد کە سیاسیەتێکی تازەشی پێویست بوو. لەو سەردەمەدا حیزبی دیمۆکرات بە گشتی و دوکتور قاسملوو بە تایبەتی لە پێناسەکردنەوەی دووبارەی پێوەندییە جیهانییەکان چەندین هەنگاو لە پێش هەمووهێزە کوردیکان و زۆربەی ڕێکخستنەکانی ئێرانی و بگرە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بوون. ئەو وردبینی و تیژبینی حیزب سەرئەنجام لە کۆتایی دەهەی هەشتا و بەگرە لە سەرەتایی هەزارەی سیهەم دا لە نێو ئەحزاب،لایەنە کوردیی ، ئێرانی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا جێگای خۆی کردەوە و پێی گەیشتن.

ئەو گۆڕانە لە ڤیزیۆنی حیزبی دێموکرات بەرامبەر بوو لە گەڵ گرژ بوونەوە و سەختتر بوونی خەباتی چەکداری. کۆماری ئیسلامی بەرە بەرە ناوچە ڕەزگارکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگیر کردەوە، شەڕی کۆمەڵە لە دژی حیزبی دێموکرات گەیشتە قۆناخێکی نوێ و بوو بە شەڕێکی ئیدئۆلۆژیکی تئۆریزە کراو و پۆزیسیۆنی کورد بە گشتی لە باری سیاسی و نیزامی ڕوویی لە کزی دابوو. سەرجەمی ئەو ڕووداوانە کاریگەرییان هەبوو لە سەر گۆڕانکارییە نێوخۆیەکانی حیزب. ئەوەی کە جێگای سەرنجە بەشێک لە ڕێبەرانی حیزب لە سەر دوو شت یەکدەست نەبوون. ئەو دوو شتە بریتی بوون لە بینشی تازەی حیزب دەرحەق بە پێوەندییە جیهانییەکان وە ئەوی تریان دەگەڕێتەوە بۆ سەر کێشەی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات.

پاش حەول و تەقەلاکانی دوکتور قاسملوو بۆ قەناعت پێکردنی لایەنە دژبەرەکەی. دەرکەوت کە ئەو لایەنە عاجزە لە تێگەیشتنی و زەرورەتی وەرسوورانی جیهانبینی سیاسیی نوێ حیزب و ئەو بینشە وەک مەترسێک دەبینێت لە سەر ڕێگای خۆی. هەر بۆیە لە نێوان کۆنگرەکانی 7 و 8 دا ئەو کێشانە هەتا دەهاتن گەورەتر دەبوونەوە. دیارە جگە لە مەسئلەی جیهانبینی نوێ حیزب، مۆتیفی جۆراوجۆری دیکەش هەبوون. لەو نێوە دا هەر لایەنێک حەولی ئەوەیدا کە لەکۆنگرەی داهاتوو دا تەکلیفی خۆی دەگەڵ لایەنەکەی دیکە ڕوون بکاتەوە. دەورانی ئیتلافی لەرزۆک گەیشتە بۆ ئاخری خەت و فۆرمی پێکدادان بەرە بەر بوو بە تەنیا فۆرم بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکە.

## 2.1 شوێنی ڕێبەر لە گۆڕانکاریەکاندا

لە هەموو گۆڕانکارییەکانی نێو حیزب هەر سێ فۆرمی ڕێکخستنی( **پێکدادان، ئیتلافی لەرزۆک، ریکخستی جەمسەربندی کراو)** بە کار هاتوون و کەڵکێیان لێ وەرگیراوە.ئەو فۆرمانە لە بەڕێوەبەری، تایبەتی ئەو ڕێکخستنانن کە خەریکی خۆ گۆڕینن. لە هەل و مەرجێکی ئاو دا جەڵەویی پرۆسە گۆڕانکاریەکەش، لە دەستی بەڕیوەبەر یان مودیری دەورانی گۆڕانکاریەکە دایە، کە لە باری کاراکتەری شەخسیشەوە خۆشی لە ڕاوەستان و قەتیس بوون نایێت. دوکتورقاسملوو لەو چەشنە بەڕیوەبەرانە بوو. مبنای کاری ئەو لە سەر ئەساسی خردگەرایی و پراگماتیسم دامەزرابوو. لە و سەردەمەدا حیزبی

دێموكرات نەک لە نێو پرۆسەكان دا نەما بەڵكوو لە سەرەوە را سازمانی دەدان و كۆنترۆڵی دەكردەن. پرۆسەكانی گۆران لە حیزبی دێموكرات دا بە زانایی ، و بە ئاگاهی لە ئاكامەكانی، دەستنیشان و پراكتیزە كران.
سورعەت ومەندیی بیركردنەوەی دوكتورقاسملوو بە رادەیەک لە سەرەوە بوو كە زۆرجار چە رێكخستن و چە جیهانی دەرەوی لە تێگەیشتن وهەزمی بیرو بۆچوونەكانی عاجز بوون. هەر بۆیش زۆر جار دەگەڵ شێوەیەک لە لاساریی و دژبەریی بەشێک لە هاوكارانی و ڕیكخستنە كوردی و غەیرە كوردییەكان بەرەو ڕو دەبوو. لە ئاكامدا دوكتور قاسملوو دەبوو ئەو گۆرانكاریانە بە قوربانییەكانیەوە قەبوول بكات. ئەوە سروشتی زۆربەی گۆرانكارییەكانە كە زۆر جار ئینسانی زۆر باش " وەک ئینسان" لە ئاكامی هەڵبژاردنێكی سیاسی هەڵە دەبێتە قووربانی. هەرچەند ئاكامی پرۆسەكە بە ژانیش بێت، بەڵام بەر هەمی دروستی لێ دەكەوێتەوە، كە لە خزمەتی بەرەوپێش بەردەنی بەرژەوندیی، ئاوات و ئامانجی گشتی و ڕێكخراوەیی دایە.
چاوگێرانێک بە هەموو پرۆسەی گۆرانكارییەكانی نێو حیزب دیموكراتی كوردستان چەند راستێكمان لە تایبەتمەندییەكانی ڕێبەریی دەداتە دەست.كاریزما، متمانە، دروست بینی ڕەوتەكان، خۆنەویستی، گەڕان بە دوای قازانجی هاوبەشی نەتەوەی و ڕیكخستنی. سەرجەمی ئەو تایبەتمەندییانە دوكتور قاسملوویان كردە ریبەرێكی جێگای متمانە كە تەواویی ڕێكخستنەكە چارەنووسیان پێ دەسپارد.

## 3 كۆنگرەی هەشت، سیاسەتێكی ڕێكخستنی نوێ

لە نێوان كۆنگرەی حەوت تا كۆنگرەی هەشت كەلێنی ناو ڕێبەرایەتی حیزب ڕوو لە زیادبوون دابوو. زانست، وردبینی، هووشیاریی و پێشینەی كاری بێ پسانەوەیی ناوخۆیی و جیهانی، دوكتور قاسملووكردە ڕیبەرێكی جێگای متمانەی ریزەكانی حیزب و خەڵكی ڕۆژهەڵاتی كوردستان. ئەو متمانەیە گەیشتبووە ڕادەیەک كە، ئەو بە تەنیا بووبە زۆرینەک لە ناو حیزبی دێموكرات دا. دوكتور قاسملووگەیشتە بووە ئەو قەناعەتە كە كۆمیتەی ناوەندی حیزب بە پێكهاتەی ئەوكاتیەوە بۆتە دەزگایەک كە خاوەنی ئەو كاراییە نییە كە ڕێكخستنی حیزب ڕێبەریی بكات و بەرپرسایەتی خەباتی نەتەوەیی بە ئەستۆی خۆی بگرێت. لە لایەكی ترەوە هەر وەک باس كرا، بەشێک لە كۆمیتەی ناوەندی حیزب لە بە سیاسەت كردنی ڕۆانگەی تازە حیزب بە كردەوە دژایەتیان دەكرد و بەرە بەرە حیزب بە جەمسەری جێاواز دابەش ببوو. دوكتور قاسملوو زۆر بە زانایی و ئاگاهییەوە خەریكی بە یەک گەیاندنی لایەنەكانی ئیستراتێژی، ستروكتوورو كەلتووری ڕێكخستنی حیزب، بە یەگدی بوو، لە بووارەش دا كەڵكی لە تواناییەكانی خۆی و متمانەی ڕێكخستن وەرگرت و سیاسەتی یەكلا كردنەوەی گرفتەكانی گرتە بەر.
ماوەی بەینی كۆنگرەی شەش هەتا كۆنگرەی هەشت بریتی بوو لە سەردەمی گۆران، چەسپاندن و بە سیاسەت كردنی بەكردەوەی ئەو بینشە كە لە 'كورتەباسێک لە سەر سۆسیالیزم' دا فۆرموولە كرابوو. سروشتی هەر گۆرانگارێكی بینشی ئەوەیە هەتا ئەو كاتە كە بیرەكە تەنیا لە ڕادەی تێۆریک دا مەترحە، بۆ دژبەرانی پۆتانسێلی زۆر جێگای مەترسی نییە. زەمانێک تێۆرییەكان لە مەیدانی كردەوەدا هەلییان بۆ دەرەخسێندرێت كە ببن بە سیاسەتی مەیدانی و ڕێبەر و هەڵسووڕێنەرییان بۆ پەیدا دەبێت، ئەوكاتەیە كە دژبەرییەكان زەق دەبنەوە و ئاخر وزە و توانای خۆیان دێنە مەیدانەوە.
لە كۆنگرەی شەش دا ئەو بیرە نوێیەی حیزب بوو بە بەشێک لە سەرمایەی فیكری حیزب و لەوە بە دوا دا لە هەموو بووارەكانی تایبەت بە جەهەتگیری حیزب دا ڕەنگی بەرچاوی دایەوە. لە كاتێكی ئاوا دا، بەشێک لە كۆمیتە ناوەندی حیزب زۆر بە پەلە خۆیان لە دوكتور قاسملوو و هاوفكرانی دوور خستەوە. لە ماوەی بەینی گۆنگرەی حەوت تا هەشت هەوڵ بۆپەیداكردنی هاوپەیمانان زۆربە هێز كرا.
كۆنگرەی هەشت پێک هات، كۆنگرە لە بوواری بەرنامەیەوە گۆرانكارێكی وەهای تێدا نەبوو. بەڵام لە باری دارشتنی ستروكتووری حیزبەوە دیاردەیەكی نوێ هاتە گۆرێ كە بەرهەمێكی تایبەت بە خۆشی هەبوو. دیاردەی نوێ بریتی بوو لە لیستەی كاندیداكانی كۆمیتەی ناوەندی بۆ گۆرانكاییەكانی تایبەت بە ڕێكخستنەكانی حیزب. ئەو لیستە لە حیزب دا بە **لیستەی**

**فیکس** ناودێر کراوە. هنری مینتزبرگ ( Henry Mintzberg) لە زانستی تایبەت بە بەڕێوەبەریدا ئەوشێوەیە بە لیستەی کاندیداتە - ستراتێژکەکان ناوی دەبات ،کە وەک پێویستیکی باس دەکات بۆ پێک هێنانی گۆرانکاری لە رێکخستنێک دا.
مینتزبرگ لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ریبەران تێدەکۆشن بە کەڵک وەرگرتن لە کەرەسە، شێواز، وسیاسەتی جیاواز گۆرانکاری ستراتیژیکەکان وەپێش بخەن. کاتی تایبەت بۆ کەڵک وەرگرتن لەو سیاسەتە زەمانێکە کە رێبەری رێکخستنێک متمانەی زۆرینەی بە دەست هێناوە. لە سەر دروستی سیاسەتەکانی دامەزراو لە لایەن خۆیی را پێداگرە. ئەوە پرۆسەیەکە کە لەو دا تەسمیم گرتن لە بریاردان دا زۆر ئەقڵانی دەبێت. ئەو لیستە لە نێو هەموو ئەحزابی جیهانی دا باوە و ئەهرمێکی مەزنە لە بۆ تازەکردنەوەی رێبەرایەتی ئەحزاب. هەڵبژاردنی کۆنگرەی هەشت لە رێگای لیستەی فیکسەوە بوو بە هۆی گۆرانکاری لە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات دا. لە سەرجەم نۆزدە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی نۆ کەسیان نوێ بوون و کۆمەڵێک گەنجیان تێدا بوو. کۆنگرەی هەشت لە یەکدەست کردنی حیزبی دێموکرات دا نەخشی بەرچاوی هەبوو.
لایەنی دژبەر ئێتلافێک بوو لە نارازێیانی حیزبی بە مۆتیفی جیاوازەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان جیابوونەوە. کە فاکتەری سیاسی جیهانی و فاکتەری بەرژوەندی شەخسی کاردانەوەیەکی زۆریی هەبوو لە سەر ئەوە بریاریی ئەو لایەنە. ئەوەش بەو مانیایە، کە کۆمەڵێک ئینسان لە ژێر کاریگەری بینشی تایبەت بە یەکیەتی سۆڤییەت لاینگری درێژەپێدانی وەزعی مەوجوودیی رێکخستن و سیاسەتی حیزبی دیموکرات بوون. کۆنگرەی هەشت ئەو رەوتەی بەربەست کرد.

لە رۆژی 21 مارس ی 1988 زایینی بە دانی بەیانییەک لە لایەن 15 کەس لە ئەندامانی لێکەوتووی پێشووی حیزب و جێگر و راوێژکارەکانی مابەێنی کۆنگرەی 7 تا 8 درایە دەرێ و جیابوونەوەی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران راگەیاند. ناوەرۆکی بەیانییەکە بە روونی نیشاندەری کاریگەری بینشی توودەی لە هەڵوێست گرتن بە قازانجی بلۆکی سۆڤییەت بوو. هەروەها شەمەیەک لە خوێندنەوەی ئەوانی نیشان دەدات لە دێموکراسی بە گشتی و دێموکراسی نێوریکخستنی بە تایبەتی.

## 4 گۆڕانکارییەکان تا کۆنگرەی سێزدە

ماوەی نێوان کۆنگرەکانی هەشت و نۆ رێبەرایتی حیزبی دێموکرات یەکدەست و هاودەنگ بوو وە زۆرخێرا بوو لە راپەراندنی کارەکانیاندا. بەرەی ناوخۆیی وڵات بە رێبەرایتی دوکتور سادەق هەڵسووڕکراوە و دوکتور قاسملووش بە خارجەمێکی زیاتر خەریکی کار لە دەرەوەی وڵات بوو.
14 ژوئیەی 1989 زایینی دوکتور ئەبدولرەحمان قاسملوو لە ئاکامی کردەوەیکی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی شەهید بوو و دوکتور شەرەفکندی بوو بە سکرتێری حیزب .لە ماوەی سێ ساڵ رێبەرایتی حیزب لە لایەن دوکتور شەرەفکندی وە حیزبی دێموکرات بە یەکدەستی و یەکگرتوو هەڵسووڕانی خۆی درێژە پێدا. بە شەهید بوونی دوکتور قاسملوو درێژەی گۆڕانکاریەکان لە کزی دا و بە مەرگی دوکتور شەرەفکندی تەواو بەرەو خامۆشی چوو.
هەروەها لە دەست دانی دوکتور قاسملوو بوو بە هۆی ئەوە کە حیزب لە ناوخۆ دا بە لەخۆبوردووی، یەکدەنگی و سەداقەتێکی زۆرەوە ئەرکەکانییان راپەرێنن. ئەوە تایبەتمەندی روحی هەمووڕێکخستنێکی سیاسیە لە سەردەمێک دا کە خەساری گەورەیان لێ دەکەوێت، هەڵوێستی موسبەتی کاری بە خۆ دەگرن . ئەو رەوتە لە ماوەی کۆنگرەی نۆش دا هەتتا کۆنگرەی دە هەر درێژەی هەبوو.

## 4.1 هەل ومەرجی حیزب لە باشوور وبریاری یەکگرتنەوە

ساڵێک پێش مەرگی دوکتور شەرەفکندی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی کۆمەڵێک گۆڕانکاری زۆر قووڵی بە سەر هاتبوو، کە سەرجەم بە قازانجی کورد تەواو بوو. هەر لە وسەرو بەندانەدا یانی لە ساڵێ 1995 کە کۆنگرەی دەهەم گیرا. بناخەی دەست بە دەست بوونی دەستەڵاتیش لە رێبەرایەتی حیزبدا دامەزرا. لەو سەردەمانەداحیزب لەگەڵ هەل ومەرجێکی نوێ بەرەوروو ببووە کە هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی حیزب دەگەڵ ئەو هەل ومەرجە نوێیە یەکدەست نەبوو. نەفووز و حوزوریی جەمهووری ئیسلامی هەتا دەهات لە باشووری کوردستان ڕوو لە زیادبوون دابوو . ڕۆژانە ئەندامانی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب دەکەوتنە بەر هێرش، ناوەندەکانی حیزب دەکەوتنە بەر تۆپبارانی رۆژانەی جەمهووری ئیسلامی. هەر لە ئاکامی ئەو پەلامارانە حیزب مجبوور دەکرێت کە ناوەندی ڕێبەرایەتی خۆی بگوزێتەوە بۆ پەنا کۆییەی کە لەو دەمدا لە ژێر دەستەلاتی یەکێتی نیشتمانی دابوو. هەتا ئەو کاتیش هێزی چەکداری حیزب لە ناوخۆی وڵات دا چالاک بوون.

بەرتەسک بوونەوەی کار و تێکۆشانی ڕێکخستنەکانی حیزب، بەرەبەرە هاندرێک دەبن بۆ گرفت و تەنگەژەکانی ناوخۆی حیزب. بەڵام هەر لەو کاتە دا کەوتنە ژێر مەترسی ناوەندەکانی ڕێکخستنی ئاشکرای حیزبی لە باشووری کوردستان یاریدەدەر دەبیت بۆ خستنە پەراوێزی گرفتە ناوخۆییەکان و کەڵەکەبوونیان لە سەر یەک. هەر ئەوەش بوو بەهۆی پێکهاتنی ئیتلافێکی لەرزۆکی ناوخۆیی دیکە کە بەهەرمەکەی هاتنە کایەی بالانسیکی ناڕاستەقینە(quasi balance)بوو. ئەو وەزعە هەتا ئێستا هەر بەردەوامە. بە بێ ئەوە کە ڕەهبەریی حیزب ڕێگاچارەیەکی جیدیی ببینێتەوە بۆ ئەوکێشانە (دەرەکەی و ناوەکی) کە بڕۆکی گرتبوون.

لە کۆنگرەی دەهەم دا گەلاڵەی هەنگاو هەڵێنانەوە بۆ یەکگرتنەوە دەگەڵ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر بوو بە بریاری کۆنگرە. ئەوەی دیاربێت ئەوەیە کە لە هەموو ڕەدەکانی ڕێکخستنی دا نارەزایەتی دەرحەق بەو بڕیارە لە ئارادا بووە. بەڵام هەل و مەرج و جەوێک کە حیزب لە دەروە لە گەڵی بەرەوروو بوو لە لایەکەوە، و ئاڵوگۆڕی دەستەڵات لە رادەی سەرەوە دا لە ناو خۆی حیزب دا لە لایەکی دیکە. وەزعێکی وەهای پێک‌هێنا کە ئەو دژایەتی بە شێوەیەکی شاراوە لە ڕیزەکانی حیزب دا بەمێنێتەوە.

هەر لە و دورەیەدا دیاردەی بە ناوی مافی کەمایەتی لە حیزب دا هاتە گۆڕی، کە بە ڕواڵەت وەک کەرەسەیەک بۆ مەهار دەنگانی موخالیفانە بە کار هات. ئە کەرەسەیە لە کۆنگری دە دا هاتە ئاڕاوە هەر ئەوەش ئەوڕۆکۆمەڵیک گرفتی لێ کەوتۆتەوە. بۆ باشتر تێگەیشتن لە و بەندەی پیرەوی ناوخۆی حیزب و گرفتەکانی تایبەت بەو دیاردەیە لە بەشێکی دیکەی ئەو باسە دا دەچینە سەری.

بریاری یەکگرتنەوە لە باریی ڕەوانییەوە لە هەل و مەرجی ئەوکاتی حیزبدا، بە ڕواڵەت زۆر پێویست بوو. بە هاتنەوەی کۆیەک لەو کەسانە کە لە حیزب دابڕابوون وا دیاریی دەکرد کە حیزب بەهێزتر دەبێت. هەر لەو کاتەش دا لایەنێکی دژبەریشی کە هەر بە نێویی حیزب کار و تێکۆشانی هەبوو کەم دەبۆوە. بەڵام لێرە دا پرسیارێک دێتە گۆڕێ کە: گەلۆ ئەو یەکگرتنەوە لە سەر چە بنەمایەک هاتە کایەوە؟ لە هەر دوو بەرەدا دەبێ چە گۆڕدرابێت کە نیازی یەکگرتنەوە ئاوا لە سەرەوە بووە؟

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە باری ئیستراتێژی سیاسییەوە هیچ چەشنە گۆڕانێکی لە بەرنامە و پلانی خۆییدا پێک نەهێنابوو. کۆمەڵێک گۆڕانکاری جیهانی کە لە لاین حیزبەوە پێشبینی کرابوون و لە کۆنگرەی شەش ڕا ببوونە کاکڵ وناوەرۆکی سیاسەتەکانی حیزب، وەراست گەڕان. داکترینی دوکتور قاسملوو کە لە سەر بنەمای قازانج و بەرژەوەندیی نەتەوەیی بە دوور لە دگوماتیزمی ئیدیولۆژیەک و شیوازیی خێڵەکی دامەزرا بوو، زیاتر لە هەمیشە بۆ نەتەوەی کورد ڕوون ببۆوە.

دەست بەردان لە ئاڵقەی سوڤییەت و دیکتاتوریی پرولتاریا و خۆ دۆزینەوە لە بەرەی دیموکراسی دا، بە لە بریەک بڵاوبوونی بلۆکی شەرق ئیتر بۆ سەرسەخترین لایەنگران ئەو بلۆکە و ڕێگای توودە، پێویستی بە شیکردنەوەی کورتە باس نەبوو.

جووڵانەوە نەتەوەیەکان بە وەزەیەکی زیاتر لە هەمیشە ڕۆخساریی سیاسەتی جیهانیان دیاریی دەکرد. سەرجەمی ئەو ڕەوتانە لە لایەن دوکتورقاسملووە بە باشی ناسرا بوون و دیاری کرابوون، کە ڕاستی بۆچوونەکانی ئەویان دەردەخست. تەنیا شتێک کە لەو نێوە دا گۆڕانی بەسەر داهاتبوو، نەمانی بیردۆز، ڕێبەر و ئارشێتکتی سازدانەوەیی حیزب دوکتور قاسملوو و جێگرەکەی ئەو دوکتور شرفکندیی بوون و بەس.

ڕێبەرایتی شۆرشگێر لە خوێندنەوەی ڕەوتە جیهانییەکان دا تەواو بە هەڵە چووبوو، بەرەی سۆسیالیزمی یەکیەتی سۆڤییەت کە ریبەرایتی شۆرشگێر بەخاڵی گرینگی ناکۆکی خۆی دەگەڵ حیزب دای دەنا، تێکچووبوو. هاوپەیمانی ئێرانی ڕێبەرایتی شۆرشگێر یانی موجاهیدینی خەڵک لە هەموو بوارێکدا کەوتبوونە قەیرانەوە بە تایبەتی لە باشووری کوردستان ببوونە بەشیک لە ماتۆری نیزامی بەعس. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کەوتبووە قەیرانی هویتی و ڕێکخستنییەوە.

ڕێبەرایتی شۆرشگێر کە خۆی لە بەرەی سوسیالیستی دا دەدیتەوە، پێی وابوو کە دوکتور قاسملوو حیزبی بەرەو ڕاست ئاژۆیی بردووە هۆی ئەوەش دەگەڕاندەوە بۆ نزیکبوونەوە حیزب لە ئەحزابی سۆسیال دێموکرات. ئەوە ڕاستە کە حیزب دۆستایەتێکی نزیکی دروست کرد بوو لە گەڵ چپی ڕۆژئاوا، بەڵام نەک لە بەر ئەوە کە بە بێتە پاشگەڵی سیاستی ئەوە چەپە. بەڵکوو لە بەر ئەو ڕاستیە کە حیزب باوەڕیی بە دیموکراسی هەبوو و لای وا بوو کە دەبێت لە ڕۆژئاوا و بەرەیی دیموکراسی خۆی نزیک بکاتەوە. چوونکە خۆ دۆزینەوە لە بەرەیی دیموکراسی دا نە تەنیا لە گەڵ قازانج و بەرژەوەندیە نەتەوەیەکانی کورد هیچ دژایەتێکی نەبوو، بگرە دەروازیەکی نوێ کرابۆوە بۆ هاوپشتی لە خەباتی نەتەوەیی کورد دا.

ڕاستی ئەوەیە کە ئەگەر خەتی فیکری ' بازسازی مبانی ضدامپریالیست در حزب *' ببایە بە سەرمایەی فیکری و ڕێکخستنی بۆ حیزبی دێموکرات – کە ڕیبەرایەتی شۆرشگێر لە سەریی سوور بوو- ئێستا حیزب یان چارەنووسێکی وەک حیزبی توودەی دەبوو یان دەچوو ناو بەرەی دژی ئیمپریالیستی کە ...... !

حیزب کە بە لە دەست دانی دوو ڕێبەریی کارامە و لێهاتوو تووشی بۆشای ڕەهبەریی هاتبوو، لە ژێر تەوژمی ئاڵوگۆڕەکان دا و دەست تێوەردانە دەرەکیەکان دا دەستەوەستان مابووە، لە وەها هەل ومەرجێک دا پرۆسەی یەکگرتنەوە بە پەلە دەستی پێکرد و جێ بە جێ کرا. بە بی ئەوە هەوڵ بدرێت بۆ خۆڵقاندنەوەی متمانەی دوولایەنە، کە مەرجی سەرەکیی بوو بۆ حاوانەوەی دووبارە دەگەڵ یەکتر نەک لە پەنای یەکتری. ئەو تێکەڵاوبوونەوە لە سەر بنەمای پێداچوونەوە بە ڕابردوویی کار و سیاسەت و هەڵسووکەوتەکانی دوو لایەن دانەمەزرابوو. چە بۆ دنیایی دەرەوە و چە بۆ ناوخۆ شیکردەنەوەیەک و چاوخشاندنەوەیەک لە سەر ڕەوتی لێکدابڕان و تێکەڵاو بوونەوە نەهاتە ئاراوە. زمینەکانی فکریی، سیاسی، تەشکیلاتی لە بەرچاو نگیران و ئامادە نەکران بۆ بریاریکی ئەوتۆ. یەکگرتنەوەیەکی لەو چەشنە بوو بە هۆی ئەوە کە هەردووک لایەن هەست بەوە بکەن کە هەموویان لە سەر هەقن. هەر بۆیە بە گشتی هەست بە سەر ئەقل دا وە هەلس و کەوتی عامە پەسندانە بە سەر کووللی پرۆسەی تێکەڵبوونەوە دا زاڵ بوو.

لە ئاکامی پرۆسەی یەکگرتنەوەدا کەس ئەو ڕاستییانە لە بر چاو نەگرت. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە کە هیچ یەک لە لایەنەکان تەقبوولی بەرپرسایێتی کردەوە و هەڵوێستەکانی لە ڕابردوودا نەکات، و لە ئاکامدا هەمووڵایەک وەک قارمانێک دوبارەبێنەوە مەیدانی ریبەرایتی. پرۆسەی یەکگرتنەوە کە لە گۆترە و بە دوور لە هەرچەشنە لێکدانەوە، پێداچوونەوە و ڕوونکردەنەوەیەکی سیاسی هاتە ئاراوە، هەر لە لە دایک بوونی ڕا بوو بە سەرەتایەک بۆ ئەو قەیرانەی ئێستا، کە تا ئەمرۆ هەموو لایەکی مەجبوور کرد بوو کە وەک فارس گووتەنی ' کجدار و مریض' لە گەڵ یەکتر دانوستان بکەن و ڕۆژبە ڕۆژ لە یەکتری دوور بکەونەوە.

## 4.2 مافی کەمایەتی و گێرە وکێشەکانی

هەر وەک لە سەرەوە بە کورتی ئاماژەی پێکرا، مافی کەمایەتی هێندەک کێشەی لە خۆی دا شاردۆتەوە. لێرە دا هەوڵدەرێت کە بە کورتی ئەو کێشەیە شی بکرێتەوە . حیزبی دێموکرات وەک هەر رێکخستنێکی سیاسی خاوەنی پرۆژەیەکی سیاسییە کە گرێدراوی مەسئلەیەکی سەرووەرترە کە بە مەسئلە نەتەوایتی ناوزەد کراوە. جیاوازی مەسئلەی نەتەوایتی دەگەڵ هەموو مەسئلەکانی دیکە ئەوەیە کە خاوەنی ئامانجی زۆر روونە، رووی لە هەموو کۆمەڵگایە و لە سەر ئەساسی بەرژەوندەی هاوبەشی گشتی کۆمەڵگا رێکخراوە و هیچ مەرزبەندێکی تایبەتی لە بر چاو ناگرێت. هێزی بزوێنەری هەموو کۆمەڵگایە ، میکانیزمی هەڵسوورانی ئەو هێزەش گەشتگیرە و ناوچەی کارییەکەشی بە ئاندازەی هەموو کۆمەڵگا بەرینە.
مەسئلە نەتەوایتی لە مەرزبەندییەکانی خۆشی دا زۆر هەستیارە. هەموو کات خەریکی دەفعی هەموو ئەو دیاردە و بینشانەیە کە تێدەکۆشن بەری پێبگرەن.میکانیزمەکەشی کە رێکخستن بێت سەرەوەترین پلەی ناوەندگەرایی تێدا بەرچاو دەکەوێت.
هەموو رێکخستنێکی سیاسی لە درێژەی ژیانی خۆی دا دوو روالەتی جیاوازی هەیە، یەک روالەتی ناوخۆیەتی ئەویتر رووی دەرەوەیەتی . بۆ وێنە هەموو رێکخستنەکانی لاێنگری دێموکراسی لە عینی ئەوەدا کە خەرێکی پەرەپێدانی قەبووڵی جیاوازیەکان و گەشەپێدانی پلۆرالیسمن لە کۆمەڵگا دا. بلآم ئیشتیا و نیازێکی یەک جارزۆریان هەیە بۆ یەکدەست و یەک رەنگ کردنی ناوخۆیان. هەر بۆیە بەشی نزیک بە تەواوی رێکخستنەکانی جیهان ناوەندگەران (Centralisation) . لەو رێکخراوانە دا ناوەند خاوەنی هێزیکی زۆرە و پرۆسەکانی تەسمیمگیری زۆر کارا و کورتن. رێبەران هەموو پرۆسەکان دادەرێژەن و چاوەدێری بە سەر بەرێوەبردن و ئەنجامدانیان دادەکەن.
ئەو ناوەندگەرییە خاوەنی تایبەتمندێکی دیکەیە کە ( devolution) پێدەگوترێت. ئەوش بەو مانایە کە ئۆرگانی رێبەرایەتی بەرپرسایێتی نەهایی هەموو پرۆسەکانی رێکخستنی لە ئەستۆیە، بلآم بەرپرسی ئەنجامدانی مەیدانی هەموو پرۆسەکانی کاری بە ئۆرگانەکانی خوارەوە دەسپێرێت (To delegate). لە ئەگەری تێکچوونی ئەو قاعیدەی رێکخستنییە دا، دەرئەنجامەکانی دەبێتە ئەوە کە قەوارە و دەستەڵاتی نوێ لە رێکخستندا لە پەنا قەوارە و دەستەڵاتی فەرمی رێکخستن پێک بێن. ئاژاوە وتێکەڵ پێکەڵی لە رێکخستن دا پەرەپێدادات. کە هیچ رێکخستنێکی سیاسی لە جیهاندا دژبەرانی ناوخۆیی نە پروردە دەکات نە رێگایی گەشەشییان پێدەدات. تەنیا رێگای کە بۆ بە نێو کەمایەتیەکان هەیە کە لە قەراخ بەرێوەبردنی کاری رێکخستنی مافی باسکردنی بینش و فیکری خۆیان هەبێت و بەس نەک کارشکێنی. ئەوەی کە لە حیزبی دێموکرات دا بۆتە باو لە پەنا ناوەندی دەستەلات دەتوانن گروپ و دەستەی جیاواز هەبن کە حەتتا دژی سیاسەتەکانی حیزب مەوزع بگرەن. ئەوشیوە رێکخستنە کە تەنیا وتەنیا کۆمەڵێک ئانارشیست پەروەردە دەکات، بۆ بە رێوە بردەنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کەرسەیەکی بێ کەڵک دەبێت.

## 5 کۆنگرەی سێزدە وگرفتی هەنووکە

کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکرات گۆڕانکاریی قوودرەتی لە ناوەندیی رەبیەریی دا بەدەواوە بوو و هەر لەو کاتش دا ئاڵوگۆری لە بەرنامەی سیاسی حیزب پێکهێنا. ئەوەی کە پیوندی بە جێ گۆرکێی دەستەلاتەوە هەیە، دەبی بەڵێین کە دیسان پێکهاتەی رێبەرایتی حیزبی دێموکرات شەکڵێکی لە گوێن سەردەمی کۆنگرەی هەشت بە خۆوە گرت.
لە ماوەی بەێنی کۆنگرەی 10 تا 13 دا نەک متمانە هاوبەش ساز نەبوو، بەڵکوو کار گەیشتۆتە جێگایەک کە متمانە بە یەکتری زۆر لە کزی داوە. هەر لە ماوەیەدا لایەنە جۆراوجۆرەکان بەرە بەرە کاریان کردوە لە سەر چەند بەش بوون ونەمانی متمانە بە یەکتری. هەستی ترس لە دەخالەتی هێزەکانی دەرەوەی حیزب دەنگۆیەکی رۆژانە بوو، وا وێ دەچوو کە سەربەخۆی سیاسی حیزب کە یەکێک لە گرنگترین دەستکەوتەکانی ئەو حیزبیە لە مەترسێکی تەواو دابوو بێت.

هەل ومەرجی حیزب لە چەند ساڵی ڕابردووو ئێستا دا درووست وەبیر هێنەرەوەی حیزبی دێموکڕات لە ساڵەکانی 60 سەدەی ڕابردوو دایە. لەو سەردەمانیش نفوزوکاریگەری لایەنەکانی دەرەکی لە حیزب دا گەلێک بەرچاو بوو. سەربەخۆی سیاسی حیزب مانایەکی نەبوو. بۆ حەلی گرفتە ناوخۆییەکان ئەندامانی حیزبی پەنایان دەبرد بر ڕێکخستنەکانی دیکە کوردی، ئەوانیش بە بەشی خۆیان کۆنسیەپتی جیاوازیان هەبوو بۆ حەلی گرفتەکە کە نەک یاریدەر نەبوو بۆ گەڕانەوە یەکپارچەی حیزب، بەڵکوو ڕێگایان بۆ لێکترازان خۆشتر و گرفتە ناوخۆییەکانی حیزبی گرژتر دەکردەوە. لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردو دا بە بەردەوامی ئەو پرسیارە هەبووە کە داخوا کێ بەسەر کویە؟ دەنگۆی ئەوە هەبوو، کە هێندێک لایەنی دەرەکی ڕاست وخۆ داوا لە ڕێبەرایەتی و بەدەنەی حیزب دەکەن کە لە کۆنگرە دا دەنگ بە کێ بەدرێت. بۆ مرۆڤەیەک کە لە دەرەوەی حیزبە هەڵسەنگاندنی ڕاستی و دروستی ئەو دەنگ و باسانە زۆرئەستەمە. بەڵام گومان هەرچێک بێت هەبوونی ئەو دەنگ و باسانە دەکرێ هێندێک ڕاستییان تێدا بێت.

بەرتەسکبوونەوە یا خۆ ڕاگرتنی بە تەواویی ئاشکرای چالاکەیەکانی حیزبێک کە ڕێبەریی جووڵانەوەیەکی زیندوو، پڕ لە ئاڵوگۆڕە و خەباتێک توند و تیژیی چەکداریە، هەمیشە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گرفتە ناوخۆییەکان . بۆ ڕیکخستێکی سیاسی کە لە هەل و مەرجێکی ئاوا دەوریی لێدراوە، جگە لە ئینفعالی کاری و سازبوونی جەوێکی ناسالم چیدیکەی لێناکەویتەوە. دیارە ڕێبەرایتی حیزبی دێموکرات بەرپرسە لە بە سەرێک داتەپینی تواناکان لە کەمپەکانی ڕێکخستنیدا، بە ڕابردوێکی کە وەک لە سەروەدا باسکرا دەرئەنجامەکەی ئینفعال ولێک وەرەز بوونە.

بەرەبەرە بەشی زۆری تواناکانی حیزب ڕوی لە ناوخۆی کرد (**Introvert organization**). تایبەتمەندی ڕێکخستنی لەو شیوەیە بریتیە لە سازبوونی کەلتووری جەزیرەکان ئەو کەلتوورە ڕێکخستن دابەش دەکات بە چەند جەزیرە دا کە هیچ قازانجێکی هاوبەشییان نامێنێت، ئەرزشی ئیزافی کەڵک وەرگرتن لە توانا هاوبەشەکان بێرەنگ دەبێتەوە. کەس لە فیکری پرد لیدان بۆ گەیشتن بە جەزیرەی دراوسێدا نییە بەڵکوو لە بیری خەراپ کردنی پردەکان دایە. ئاکامی درێژ پێدان بە حەیاتی ڕێکخستنی لە ژێر تائسیر کەلتوورێکی وەها دا، دەبێتە هۆی ویران کردنی قەوارەی ڕێکخستنەکە. سەرجەمی ئەودیاردانە دەستیان داوەتە دەستی یەک بۆ گەیاندنی حیزب بە ئەو وەزعە کە ئێستا تێیدا بە سەر دەبات.

لە ماوەیەک دوای کۆنگرەی سیزدە ڕا کۆیەک لە ئەندامانی حیزب پێیانوایە زولمیان لێکراوە و لایان وایە ڕێبەریی هەڵبژێردراویی کۆنگرە خەریکی پێشل کردەنی دیموکراسی ناوخۆین و بێ ڕاراییی، شک گوومانێان هەیە لە درووستی ڕێبەری کردنی حیزب لە ئێستا دا. هەر لە سەرەتاوە هێرشێکی زۆر توند تێژ دژ بەیەک کە هەتا ڕادەی هێرش بۆ کەسایێتی یەکتری و بریندارکردەنی هەستی یەکتر ڕۆیشت. بڵاوکراوەکان لە دژیی یەکتریی بەشی زۆریان خاوەنی ناوەرۆکێکی سیاسی و فکریی نەبوو، بەڵکوو تەواو هەڵس و کەوتێکی پڕ لە تووڕەیی شەخسی و قین لەزەگی و سووکایەتی بە کەرامەت و کەسایەتی یەکترە. ئەو پێکەوە هەڵنەکردەنە لە چەند هەفتەی ڕابردوودا گەیشتە فازێکی نوێ لە حەیاتی خۆیدا. گرووپێک لە بەرپرسانی ئێستا و ڕابردووی حیزب بە دانی بەیانییەیەک لە ژێر ناوی ئۆپوزسیون ڕایانگەیاند کە گەیشتوونەتە ئاخری خەتی درێژە پێدانی هاوپەیمانی لە سەر بناخەی باڵانسی ئێستا. بەو هەنگاوەی ئۆپوزسیون لە ڕاستی دا ڕێبەرایتی دابەش بووە بە سەر چەند جەزیرەی جودای وەک ، زۆرینە، کەمینە و بێ لایەن- کە لە ڕاستی دا ئەویش بێ لایەن نییە. ئەو سەفبەندییانە لە ڕێبەرایێتی دا تەشەنەی کردۆتە ناو ئۆرگانەکانی حیزب، و ڕێکخستنی بە گشتی بە سەر ئەو سێ جەزیرەیەدا دابەش کردووە.

هێڵە سەرەکێیەکانی بەیانییەکەی ئۆپوزسیون بریتین لە:

1. بی متمانەیی بەو بەشە لە ڕێبەرایتی کە ئەوان بە لاێنەی دەستەڵاتداری نێو دەبەن؛
2. زایە بوونی مافەکانی ڕێکخستنی لە ئاکامی بە کارهینانی ناسالمی ئەبزارەکانی ڕێکخستن.
3. دابەشکردنەوەی دەستەڵات. بۆ هێنانە دی ئەو مەبەستەش داوای دانانی میکانیزمێک دەکەن لە قەراخ میکانیزمە هەنووکەیەکانی حیزبی دێموکرات. ئۆپۆزیسیۆن دەخوازی کە لە لایەن زۆرینە ڕیبەرایتیەوە بناسرێن ولە سەر ئەو بناخەێش دانوستانییان دەگەڵ بکەن. هەموو ئەوانەش لە پێناوی دەستەبەر کردنی هاوتایێەکی نوێ لە ناوەندی دەستەڵاتی حیزب دا.

بەیانییەکە باس لە جیناحبازی دەکات و ئەودیاردەیە بە بناخەی ئەو کێشانە دەزانێت کە بەرۆکی حیزبی گرتووە.

لە ماوەی کۆنگریی دە هەتا ئێستا کۆمەڵێک کێشەی ڕێکخستنی و بۆچوونی دژبەیەکی ناوخۆیی پێکهاتوون، گەشەیان کردوە و ئێستا تەقیونەتەوە. گرفتەکان چارەسەرنەکراون و دیزە بە دەرخۆنە کراون. پرسیاریەک ڕەنگە هەمووکەس لە خۆی بکات ئەوەیە کە تۆ بەڵێی کە وەدیهینانی ئەو داخوازییانەی ئۆپۆزسیون گرفتەکانی ناوخۆی حیزب بەشێوەیەکی بنەڕەتی چارەسە بکەن ؟

وولامی ئەو پرسیارە نەخێرە. جێ بە جێکردنی ئەو پێشنیارانە لە ڕاستی دا دەبێتە هۆی درێژەپیدانی گرفتەکە لە فۆرمێکی نوێدا کە بە قازانجی هیچ جیناحێک نابێت ، کاریگەرییەکەی هەر بە قەت توانای حەبێکی موسکین دەبێت بۆ نەخۆشیەکی پر ژان و سەخت. چارەسەرییە سترکتوورییەکان (سازکردنی قودرت لە نێو قودرەت) ،تجزیەی قودرەت لە هیچ گرفتێکی ریکخستنی دا کاراییان نییە و نەبووە. وەک کورد گووتەنی تەنیا دیزە بەدەرخۆنە کردنی گرفتەکەیە. بۆیە حیزب لە سەرجەمی سێ کووچکەی سیاسەت، کەلتوور و ستروکتووری ڕێکخراوەیی دا پێویستی بە بەخۆداچوونەوە و ڕێگای چارەکان هەیە.

## 6 سنارێۆکانی چارەسەری

هەروەک پێشتر باسکرا کێشەی هەنووکەی حیزب پیوندی بە رابردووە هەیە، هەوڵدان بۆ لێک هەڵپچڕاندنی ڕابردووی گرفتەکان دەگەڵ گرفتی هەنووکەیی حیزب بەشیک لە کێشەکەیە. کێشە ناوخۆییەکانی حیزبی دیموکرات وەک هەموو قەیرانێکی دیکە، بۆ چارەسەرکردەن دەبن. بەڵام چارەسەرییەکان وەک دەرئەنجامی پرۆسەکان خاوەنی هێزی بزوەێنەری تایبەت بە خۆ و میکانیزمی جیاوازن. لێرەدا گرینگ ئەوەیە، هەموو ئەوانە کە بە شێوەیەک بەشداری ئەو قەیرانەن ،باشتر وایە پرۆسەی چارەسەری وەپێش بخەن و کۆتایی بەو هەل و مەرجەی ئێستا بهێنن. هەل ومەرجی ئێستا دەبێتە هۆی پیک هاتنی Status-quo کە گرفتەکان گرژتر و ئاڵۆزتر دەکات. مەسئلەیەکی گرینگی تر ئەوەیە کە کۆنسێپتی چارەسەرییەکان لە ناوخۆی حیزب ڕا بێت. بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە دو سناریۆ لە ئارا دان.کە بریتین:

1. پێکەوەمانەوە و هەوڵ بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندی هاوبەش؛
2. لێکدابڕان

## 6.1 پێکەوەمان

پێکەوەمان وەک سیناریۆیەکی خاوەن شانس بۆ درێژەدانی ژیانی ریکخستنی، پیویستی بە زەمان، لە سەرەخۆی و کاری بەردەوام لە گەل یەکتر هەیە لە ڕادەی ڕیبەرایتی دا بە تایبەتی وهەموو حیزب بە گشتی. هەوڵ بۆ پیکەوەمان بە هێندێک جەراحی بە پەلە ڕێکخستنی ودڵ ودەروون پاکی چەند پێاو چاکێکی نێو یان دەرەوەی حیزب چارەسەرنابێت. بەڵکوو پێوێستە کە بە بڕیارێکی بوێرانە بۆ دەست نیشانکردنی هەمووبەشەکانی گرفتەکە و لێکدانەوە دروست و زانستی بە دەرئەنجامی پیوست بگەن و بۆ هەتا هەتایە لە دووپاتە بوونەوەی کێشەکە پێشگیری بکەن. شێوازەکان و کەرسەکان بۆ پیکەوەمانەوە هەروەها بەرهەمەکانیان لێرە دا دێنە بەر باس.

هەنگاوی یەکەم ناسینی گۆرانکاییەکانی دەوران پشت و بە پێی ئەو ناسینە بە کەرەسە و سیاسەتەکانی رێکخستنی دا **بچنەوە،** لێرە دا هەنگاو بۆ ئەو ناسینە دێنمە گۆڕی.

جیهانی دەوران پشتی حیزب لە ڕادەبەدەر گۆڕدراوە، لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵگا پێشکەوتنی بەرچاویی بە خۆوە دیوە، ئەگەر تەنیا ڕادەی سارنشینی و خوێندەواری وەک دو نموونە باس بکەیین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە چۆن بەرەوهەڵسەنگاندنی گرفتەکان بچیین. ڕادەی شارنشینی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان زیادبوونیکی مەزنی بە خۆیەوە دیوە، لە ساڵی 1976 ئەو ڕادیە 30%ی دانیشتوانی کوردستان دەگرتەوە، لە 1996 دا ئەورادە گەیشتە 55% لە دانیشتوانی کوردستان. ڕادەی خوێندەوارن لە 47% لە ساڵی 1986 گەیشتۆتە 72% لە 1996 دا.

ئەوانە لە گەڵ گەشەی ژیانی شارستانی و گەشەی ئامرازەکانی راگەیاندەن دەبێتە هۆی گۆرانی خواست و نیازی کۆمەڵگا لە بواری پێوندی و ئاڵوگۆری زانیاری. هەروەک لە پیشدا باسمان کرد کە رێکخستنەکانی کە بۆ گۆرانی خۆیان گوێ نادەنە، سیگناڵەکانی دەوران پشت تووشی تلیسانەوە دەبن. لە سەر بناخە ئەو ئاڵوگۆرانە پێوێست حیزبی دێموکرات کە لە درێژ خایەن دا:

بە ستراتێژی رێکخستنی دابچێتەوە، مەترسیەکانی درێژدانی ئەو سیاسەتە رێکخستەنیە بناسێت، خاڵە بە هێز و لاوازەکان دەست نیشان بکات. وریفۆرمی پێویست ئەنجام بدات لە سیاسەتی رێکخستنیدا. کۆمەڵگای ئێستا پیویستی بە رێکخستنی کراوەتر لە پێشووهەیە، هەروەها کادرەکانی رێکخستنیش باشتر وایە کە لە باری زانست و زانیاریەوە دەوڵەمەند بکرێن. ئەوە بەو مانایە کە سیستمی فێرکردن و بارهێنانی کادرەکانی رێکخستنی لە باری ناوەرۆکەوە بگۆردرێت و چاکسازی تێدا بکرێت. لە سەردەمی نوێدا رێکخستنەکان بۆ دیاری کردنی کادرەکانیان پرۆفیلی تایبەتی دیاری دەکەن کە کادرەکان دەبێ خاوەنی بن. لە گەڵ گرینگ بوونی کەمییەت ، کەیفێتی رێکخستنی ئێستا دیاردەیەکە کە هەموو یەکەیەکی ئابووری و سیاسی کاری لە سەر دەکات. وە هەموو ئەو باسانە بچنە نێو بەدەنەی حیزب و قەراریان لە سەر بدرێت.
هەر لێرە دا زۆر گرینگە کە:

- **بەریوە بردنی بێ ئەولا وئەولای حیزب لە سەر ئەساسی پیرەوی ناوخۆی ئێستای حیزب بەچێتە پێش.**

لە نیو حیزب دا دەبیت چوارچێوەیەک هەبیت بۆ حاوەنەوە و کار کردن، بێجگە لە فاکتەرە ئەخلاقی و ئیحساسییەکان. ئەگر ئەو چوارچێوەیە رعایت نەکریت نیزامێکی ملوک ئوولتەوایفی ساز دەبێت کە حیزب وەک رێکخەستنێکی سیاسی لە گرێژەنەدەبات و رێکخستن دەبێتە ئامرازێکی بێ کەڵک. پێویستە پەیرەوی ناوخۆی حیزب لە سەر بناخەی کارکردی عەمەلی چاوی پێدابخشێندرێتە و لە ئەگەری پێویست بوون دا لە کۆنگرەکانی داهاتوو دابگۆردرێت. هەتا ئەو کات پێویستە کە وەک هەموو لایەک بە پێوانەی پەیرەوی ئێستا هەڵس و کەوت لە گەڵ یەکتر دا بکەن. لە پەنا ئەویش باسی مەنیتق رێکخستنی بێ دەمارگرژی درێژەی پێبدرێت و بە قەراری هاوبەش بگەن.

- **دیاری کردنی سنووری نیوان جیاوازی بووچوون دەگەل جیاوازی لە ڤیزیۆندا.**

ئەوە بەو مانایە کە هەر تاکێک دەتوانێت لە حیزب دا خاوەنی بیر و رای بێت، بەلام ئەگر کۆیەک یا خۆ کەسێک کە دەگەڵ ڕوانگە ستراتیژییەکانی حیزب یەک نەگریتەوە ناکرێ وەک کەماێتی چاوی لێبکرێت، بەڵکوو چاکتر وایە کە لە دەرەوەی حیزبدا بە دوای وەدیهێنانی ئاواتە فیکرییەکانی خۆی بگەرێت. روون کردنەوەی ئەو سنوورانە یاریدەدەر دەبێت لە فۆرمۆلە کردنی ' دێموکراسی ناوخۆ دا. ستراتێژیی و جیهانبینی حیزب دیارە و هەموو لایەک دەبێت لە خەزمەت ئەو ڕێبازە دابەن.

- **پێداچوونەوە بە کەلتووری نێو رێکخستن و دیاری کردنی کەلتووریکی گونجاو وڵامدەر.**

کەلتووری ئێستای حیزب تایبەت بە رێکخستنێکی داخراوە، پێشینەی کار لە حیزبدا، سەر بە گرووپێکی تایبەت بوون، لە ڕوانگەی بەرژەوندی شەخسییەوە گرفتەکان هەڵسەنگاندن، ترس لە خۆ نوێکردنەو بێباک بوون دەرحەق بە ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی دەورو بەر مشتێک لە خرواریی کەلتووریەکە کە بەری بە گەشەی حیزب گرتووە، کە حیزب دەتوانێ لە درێژی ریفۆرمی قەوارەی دا، کەلتووری هاوبەشییش دیاری بکرێت و ببێتە ئەساس بۆ هەڵس و کەوت لە گەڵ یەکتر. پێویستە ئەوە وەک باسێکی ناوخۆیی کاری لە سەربکرێت و بەرنامەی بۆ دابندرێت. کەلتووری گرینگترین فاکتەرە بۆ پراکتیزە کردنی ستراتێژی و ستروکتوور.

- **لە بەرژەوندی هاوبەش را بەرەو چارەسەرکردنی گرفتەکان**

ئۆپۆزیسێون لە بەیانییەکەی خۆی دا زۆر یەکلایەنانە و لە ڕوانگەی جیناحی خۆییرا باس لە گرفتەکە دەکات و قامکی تاوان بۆلاێنەکە تر ڕادەکێشێت. پیوێستە کە ئەوان دوبارە بە نیازەکان و رێگا چارەسەرییەکانی دا بچنەوە ، ئەو لایەنە باشتر وایە کە تاویک خۆ لە جێگای زۆرینەی ریبەرایتی دابنێت، بەرژوەندییەکانی ئەوانیش بناسێت و لە بەرژەوەندی هاوبەش بگەرێت. بەو شێوەیە لە جەهەتی پاراستنی بەرژەوندی هاوبەشدا برەو چارەسەری بچن. ئەگر لە هەر کێشەیەکدا بەرژەوندی هاوبەش


سەلاح ئەدین مەجیدپوور

دەست نیشان نەکرێت و نەبێتە ناوەندی حەرەکەت بۆ چارەسەری ، پرۆسە ی کاری هاوبەش و رێکخستنێکی یەکگرتوو سەرکەوتوو نابێت.

- **پاراستنی ئۆتۆریتەی رێبەری**

لە هەر حیزبێک دا کاتێک ئۆتوریتەی رێبەریی بەگشتی و سکرتێر بچێتە ژێر پرسیار و وەک بەشێک لە تەنگژەکە چاوەیی لێبکرێت، لە ڕاستی دا گەڕان بە شوێن چارەسەریی دا بە تەواویی چەتوون دەکات و لە درێژخاێن دا شیرازەیی کار و تێکوشانی حیزب بە تەواویی دەخاتە مەترسیەوە. سیاسەتێکی وەها کاریگەری هەمیشەی دەبێت لە سەر تەنزیمی پێوندییەکان. ئەو مۆدێلە بۆحەلی ئیختیلاف دەستی هەموو کەسێک ئاواڵە دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هەر کات پێی خۆش بوو ئەو ئۆرگانە برێتە ژێر پرسیار و لە ئاکام دا پرۆسەی کاری رێکخستنی تووشی شکست بکات. بردنە ژێر پرسیاری ئۆتۆریتەی سکرتێربە تایبەتی کارێکی وا دەکات کە میکانیزمەکان بۆ چارەسەریی کێشەکان لە نێو خۆی حیزب دا نەبیندرێتەوە و دەست و داوێنی فاکتۆرە دەرکێەکان بن بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە. هەر بۆیە باشتر وایە کە هەموولایەنەکان سکرتێر و ئۆتۆریتەکەی بە کار بێنن بۆ چارەسەری گرفتەکە لە ناوخۆرا. لە هەمان کاتدا سکرێتری گشتی دەبێت بە لە برچاو گرتنی زەوابیتی رێکخستنی ، پاراستنی بەرژەوندی رێکخستنەکە و گوڕوتاو بەخشیین بە پرۆسەی سیاسی، هەموو تێبینیەکان لە برچاو بگرێت و بە هاوکاریی رێبەرایەتی رێگا چارەی گوونجاو بۆ قەیرانەکان بدۆزێتەوە.

- **نەکەوتنە ژێر کاریگەری لایەنە دەرکییەکان**

هەموو لایەنە کاریگەرە دەرەکیەکان، خاوەنی بەرژەوندی تایبەتی رێکخستنی خۆیانن. هەڵسوکەوتی ئەوان دەگەڵ هەموو ڕووداوەکانی دەوروبەریان لە سەر بناخەی بەرەوپێش بردن و پاراستنی بەرژەوندیەکانیانە. ڕووداوەکانی سەردەمی کۆنگرەی چوار ، هەڵوێستەکان دەرهەق بە شەری حیزب و کۆمەڵە، جەهەتگیرییەکانی دوای کۆنگرەی هەشت زۆر رێکخستنی سیای، هەر هەمووی ئەوانە نیشاندەری ئەو ڕاستیێن کە هیچ لایەنێک لە سەر بناخەی پاراستنی بەرژەوە - ندییەکانی حیزب دەخالەت ناکات.

لە سەردەمی ئێستا دا دو لایەنی زۆر بە هێزی دەرەکی کوردستانی هەن کە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لە سەرئەوگرفتە ناوخۆیی حیزب. ئەوانەش بریتین لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان. یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاوپەیمانی سیاسی خۆی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵبژاردوە و هەموو هەڵس و کەوتێکی دەگەڵ حیزب لە جیهەتی بەهێز کردنی ئەو هاوپەیمانەی خۆییەتی. لە چاردە ساڵی ڕابردوودا‌شدا لە بەرتەسک کردنەوەی مەیدانی هەڵسووڕانی حیزبدا کەریگەری بەرچاوییان بووە. ئەو بۆچوونە لە پێوەندیی لە گەڵ پارتیشدا سیدەق دەکات. ئەوانێش بۆ بە هیزکردنی ئاڵترناتیفەکانی حیزب تێکۆشاون. پەشتیوانی پارتی لە تاقمی حەوت کەسی نموونەیەکی بەرچاوی ئەو هەڵوێستەیە. ئەوانێش هاوپەیمانانی خۆیان لە دەرەوەی حیزبی دیموکرات دا دیوەتەوە. گەران بە دوای هێزی دەرەکی بۆ چارەسەری گرفتە ناوخۆییەکان، کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات. هەر بۆیە هەموو لایەنەکان دەبێت رۆڵ و کارگێریی هێزە دەرەکەیەکان بەربەست بکەن یا بەلانی کەم مینمالیزەی بکە.

- **هەڵسووڕاوتر کردنی رێکخستن**

پێویستە لە حیزب دا بایەخی هەرچی زیاتر بەدەریت بە کاری نەزەریی و زانستی لە جیهەتی خوڵقاندنی میکانیزمی جۆراوجۆر بۆ پراکتیزەکردنی بەرنامەی سیاسی حیزب و وەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکان. بەرنامە سیاسی حیزب خاوەنی پۆتانسێلێکی باشە کە بۆ وەدیهێنانی هەر لە ئێستا ڕا دەکرێ هەنگاوی بە کردەوەی بۆ هەڵبێنەوە، و پێش پێکهاتنی ئاڵووگۆڕکانی ناو ئێران کارییان لە سەر بکات و بییان خۆڵقێنێت. کارکردن لە سەر ئەو میکانیزمانە هیمەتی هەمە لایەنەی دەوێت و لە ئەگەری جێ بە جێ کردنیدا نە کەس لە حیزب دا بێکاردەمێنێت، بەڵکوولە باری کادرەوە کەمیش دێنێت.

هەنگاوی ئاوا هەل دە رەخسێنێت بۆ گۆڕانکاری لە کەلتووری رێکخستن دا و پارەمەتیدەر دەبێت لە هاتنە دەر لە جەغزی کەلتووری دەرونگەرایانە و بەستراو(Interovert) بەرەو خۆ خوێندنەوە لە دەرەوە ڕا (Extravert). کار کردن بۆ ئەو

مەبەستە سەتح و ناوەرۆکی باسەکان لە ناو حیزب دا دەگۆرێت. لە جیاتی باس لە سەر مەوقعییەتی رێکخستنی ئەفراد باسەکە دەگاتە سەتحی مەوقعییەتی حیزب لە پرۆسە سیاسیەکان دا. بۆ ئەو مەبەستەش دەکرێت لە هەموو تواناکانی ناوخۆ کەڵک وەر بگیرێت . ئەوە پارمەتیدەر دەبێت بۆ باشکردنی کەیفیەتی رێکخستن و پیوانەی تایبەتمەندی شەخسی بۆ بە دەستەڵات گەیشتن جێگای خۆی دەدات بە کەیفییەتی شەخسی بۆ رابەری کردن. پێویستە کە رێبەرایەتی لە دانانی بەرنامەی کاری دیارکراو و زەمان بەندی کراودا بە ئەهدافگەلێکی قابیلی پێوان وەک دەستووری تەشکیلاتی کاری بۆ بکات و راپۆرتی چوونە پێشی کارەکان بداتەوە بە پلێنۆمی حیزب.

## 6.2 لێک دابران

- **نەمانی بەرژەوندی هاوبەش**

سەرەتا هەموو لێک دابرانێک لە رێکخستنەکان دا دەگەرێتەوە بۆ تێکچوونی باڵانس. هەتا قەیرانەکان زیاتر درێژە پەیدابکەن باڵانسەکە زیاتر تێکدەچێت. لە رێکخستنە سیاسیەکاندا بۆچوونی سیاسی جیاوازە کە بالانسە ناوخۆیێەکان دووچاری گرفت دەکات. لە مەرِ کێشەی ئێستای حیزب دا هەر دولایەن لە سەر داهاتوویی سیاسی وڵاتە هاودەنگن. بەڵام قەوارەو دابەشکردنی قودرەت کە لە روانگەی لایەنیک دا کەوتوتە مەترسییەوە، کە لایەنی روحی بێ متمانەیی پیوە زیاد بووە. درێژەدانی کێشەکە دەبێتە هۆی لێک هەڵبرانی بەررژەوەندییەکان و نەمانی بەرژەوندی هاوبەش.

- **دوو رێکخستنی وەک یەک**

کاتێک کە بەرژەوەندیە شەخسی و جناحییەکان بە سەر بەرژەوەندی گشتی رێکخستنی دا زاڵ دەبێت، لیکدابران دەیتە کایەوە. ئاکامی ئە لێکترازان و راسانە دەبێتە هۆی سازبوونی دوو رێکخستنی وەک یەک کە یەک ئامانجی سیاسییان هەیە، بەڵام دو رێکخستنی جودان. ئەوە دەبیتە هۆی دابەش بوونی تواناکان و هەروەها ئینفعال و بێ متمانەیی کۆمەڵگا.

- **بە هێز بوونی ئاڵترناتیفەکان**

جیا لە ئینفعال و بێ متمانەی کۆمەڵگا، لایەنەکانی لێک دابەڕاویش لاواز دەبن و هەلی باشتر دەرخسێت بۆ رێکخستنەکانی تر کە گیرۆدەی ئەو نەخۆشی نەبوون خۆیان بە هێزکەن.

- **سەرهەڵدانەوەی دووبارەی کێشەکان**

گرفتەکانی لە و چەشنە تایبەت بە ئەو کەسانە و رێکخستنانەیە کە لە ئاکامی دەردۆنگی دا، هەموو کات لە روانگەی ' تئۆری تەوتئە '(complo theory) را چاو لە دەوروبر دەکەن. هەرئەوە دەبێتە هۆی کە لە دوای جودابوونەوەش لە رێکخستنێکی دیکەشدا بە چاوێکی گومانەوە بروانێتە هاوکارانی. سەرئەنجام لە نێو رێکخستنەکە دا هەموو دیاردە ناحەزەکان لە فۆرمی جیاواز درێژە بە ژیان دەدەن. کە دەبێتە هۆی قەیرانگەلێکی تری لەگوێن ئەوەی ئەورۆ.

لە کۆتایدا دەبینین کە بەشێک لە ریشەی گرفتەکانی ئێستای حیزب لە رابردو دایە، و پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە. گرفتەکان بە تەقسیمی دوبارەی قودرەت ولادان لە قەراراتی ئێستای حیزب ناگاتە چارەسەری و باشتر وایە بە لەسەرەخۆی و هەماهەنگی بە سیاسەت ، ستروکتور و کەلتووری ریکخستنی دا بچنەوە و لە سەر ئەو بناخە نویە را چارەسەریەکان دیاری بکرێن و ببن بە قەراراتی حیزبی.

هەروەها حیزب پێویستە لە شیوازی دەرونگەرایی بێتە دەر، ئەو شیوازە دەگەڵ میسێۆنی حیزب کە بریتیە لە رابەری کردنی جوڵانەوەی نەتەوەیی یەک ناگرێتەوە. هەر ئێستا دونیایەک پرسیار هەن لە هەموو بوارێک دا کە حیزب دەبێ جوابدەرەوەیان بێت، ئەگەر بێت کێبەرکیەکە بگاتە حاندی گەران بەدوای ئەوانە دا کە باشترین جوابێان پێیە بۆ ئەو هەموو پرسیارە ، ئەوکاتە کە رێکخستن گەشە دەکات و ئیحساس جێگا بۆ مەنتیق چۆل دەکات. پێویستە کە رێبەرایەتی حیزب هەموو ئەو باسانە بەرێتە نێو حیزب لە کۆر و کۆبوونەوەکاندا بیانهێنێتە گۆر، ئاکامەکەی بێتە پەیدا کردنی مانیفێستێکی نوێ کە هەمە لایەنە بێت و لە گۆنگرەی داهاتوو دا ببێت بە ماڵ بۆ حیزب. ئەو نوێ کارییە کاری نەسلێکی نوێیە کە هیچ بەشیکی لە گرفتی ئەورۆ دا نییە.

نەسلی ئێستا دەبێت بە ئایندەنگەرێوە و زۆر بە پەلە ئەو نەسلە ئامادە بكات و راویژكارییان بێت لە داهاتوو دا. بزوتنەوەی نەتەوەی پێویستی بە رێكخستنێكی بە هێز، پر ئینرژی، زیندو و ئاینده نگره كه بتوانێت جوڵانەوەی نەتەوەی بە سەركەوتن بگەێنێت. رێكخستنێک بەو تایبەتمەندیانەوە گرفتی ناوخۆی ناناسێت و فورسەتی ئەوەشی نییە كە سازییان بكات .

بە ئاواتی ئەوە كە حیزبی دێمۆكرات بە كەڵک وەرگرتن لە هەموو تواناكانی حیزبی و كۆمەڵگای كوردی بە سەر ئەو گرفتە دا سەركەوێت. ئێمەی دەرەوەی حیزبیش بە چاوكراوەیی دوور لە ئیحساسات یارمەتیدەریێان بین لەو پرۆسە پر گرێ و گۆلە دا.

* بیانیەی حزب دمكرات كردستان ایران (رهبری انقلابی) 1-1-1367